# ئەگەر خەلیفە نەبوو موسوڵمانان چی بکەن ؟

دەقی فەرموودەکە : ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت لە کتێبە بەنرخەکەیدا، کە ڕاسترین کتێبی فەرموودەیە : لەکتابی (( الفتن ))دا بە ژمارە ٧٠٨٤ :

باب كَيْفَ الامرُ إذا لَمْ تَكنْ جماعة ؟

واتە / ئەمە باسێکە بە ناونیشانی هەڵوێست چیی بێت و چی بکەین کاتێك کۆمەڵ (الجماعة) نەبوو! ؟ .

حافظ ئیبن و حەجەر دەفەرموێت : مانای ئەوە دەگەیەنێت موسڵمان دەبێت چی بکات لەکاتی جیاوازیدا و پێش ئەوەی موسڵمان کۆببنەوە لەسەر خەلیفە ، پاشان ئەم فەرموودەیەمان بۆ باس دەکات لە صەحیحەکەیدا و بەسەنەدی صحیحی خۆی لە حوذەیفەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێت:

((كان الناسُ يسألونَ رسول الله صلى الله عليه وسلم عنِ الخير، وكنتُ أسألُهُ عنِ الشرّ مخافةَ أن يُدركَني، فقلتُ: يا رسول الله، إنا كنّا في جاهلية وشرّ فجاءنا الله بهذا الخير، فهل بعدَ هذا الخير من شر؟. قال: نعم. قلتُ: وهل بعد ذلك الشرّ من خير؟. قال: نعم وفيه دَخَن. قلتُ: وما دَخَنُه؟. قال: قومٌ يَهدون بغير هَدْيي، تَعرفُ منهم وتُنكر، قلتُ: فهل بعدَ ذلك الخير من شرّ؟ قال: نعم، دُعاةٌ على أبواب جهنمَ، مَن أجابهم إليها قَذَفوهُ فيها. قلتُ: يا رسول الله، صِفهم لنا، قال: هم من جلدَتنا، ويتكلمون بألسنتنا، قلتُ: فما تأمرني إن أدركني ذلك؟ قال: تَلزمُ جماعة المسلمين وإمامَهم، قلتُ: فإن لم يكن لهم جماعةٌ ولا إمامٌ؟ قال: فاعتزلْ تلكَ الفرَقَ كلّها، ولو ان تَعضّ بأصلِ شجرة حتى يُدركَكَ الموتُ وأنتَ على ذلك )) ، وە لە ڕیوایەتی ئەبو

داود (٤٢٤٧) و ئیمـام ئەحمـەد (٥/٤٠٣) فـەرمووی : (( وأنا حذيفة–قلت : ثم ماذا ؟. قال ثم تكون {تنشأ} دُعاةُ الضـلالة ، فإن كان لله يومئذ في الارض خليفة جَلَـدَ ظهرك ، وأخذ مالَك ، فألزمُهُ . وإلاّ فَمُتَ وأنتَ عاض على جذل شجرة (وفي رواية : فإن لم تره فاهرب في الارض) ، قُلْتُ : ثم ماذا ؟ قال : يَخرُجُ الدجال بعد ذلك))[1] .

ماناى فەرموودەكە : حوذەیفە (رضي الله عنه) لـەم فەرموودەیـەدا دەرسـێكی گرنگمـان فێردەكـات و دەفـەرموێت خـەڵكی پرسـیاری ڕێگـای چـاكەیان دەكـرد لـە پێغەمبـەر (ﷺ) ، بـەڵام مـن پرسـیاری ڕێگای خراپم دەكرد لەترسی ئەوەی نەك توشم ببێت ، جا ووتم : ئەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ، ئێمـە لەنـەفامی و خراپـەدا بـووین ، خـوای گـەورە ئـەم خێـرەی بـۆ نـاردین- مەبەسـتی لـە ئیمـان وخۆشـی ورزگار بوونیانە لە بەدڕەوشتی[2]– ئایا لەدوای ئەم خێر و چاكەیە توشی خراپـە دەبینـەوە لـە ڕیوایەتێكـدا : (فیتنـە) دێتەوە ، فەرمووی بەڵێ ، مەبەسـت لـەو خراپـە و فیتنەیـە ئەوەیـە كـە لـەدوای كوشـتن و شـەهید كردنـی ئیمـامی عثمانەوە (رضي الله عنه) ڕوودەدا[3]، پاشان ووتم: ئەی ئایا لەدوای ئەوەوە چاكە دێتـەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی بەڵێ ، وەلەگەڵ ئەوەشدا (دەخنی تێدا دەبێت) واتە : ڕق و دڵ پیسی ، مەبەست ئەوەیە كە وەك یەكەم جار نابێتەوە ئەو خێر و چاكەیە ئەمـەش گومـانی تێدانییـە كـە كۆمەڵگایـەكی وەك صـەحابە (رضي الله عنهم) هەرگیز دروست نابێتـەوە و خـەڵكی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سەردەم لـەدوای سـەردەم دوور دەكەونـەوە لەحـەق و پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت : (( هـیچ ڕۆژگارێـك نایـەت بەسـەرتانا تـەنها ئـەوەی دوای خراپترە لـەوەی پێشـوو، تـا دەگـەن بـە لیقـای پـەروەردگارتان )). جاحوزەیفـە فـەرمووی : ئـەو دەخەنـە چـییە ؟ (دەخـەن بـەمانای لێڵـی و تـەم و مـژیش دێـت واتـە :حەقەكـە خراپـەی تێكـەڵاو دەبێـت) فـەرمووی : قـەومێكن لەسـەر ڕێگـای مـن نـاڕۆن ، لەڕیوایەتێكـدا : پێشەواپانێك دێن لەسـەر سوننەتی مـن نـین لەگـەڵ ئەوەشـدا موسـڵمانانن و ڕابەرایەتیش دەكەن، حافظ دەفەرموێت: تیایـان دەبێـت كـە بانگـەواز دەكـات بـۆ بیدعـە و كـاری خـراپ ئـەنجام دەدەن ، پاشـان پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی : ئـەو خراپەیە دەزانیت وئینكاریان لێدەكەیت، لەڕیوایـەتی مسلمدا فـەرمووی : (( هـەچ كەس ئینكاریـان لێ بكـات و ڕازی نـەبێت

(١) انظر : السلسلة الصحيحة (١٧٩١) سنده حسن .

(٢) انظر : فتح الباري (١٣/٤٤) .

(٣) انظر : فتح الباري (١٣/٤٤) .

بەو خراپەیە ئەوە لەوان نییە، ئەوەشی پێی ناخۆش بێت سەلامەت دەبێت )). ئینجا حوذەیفە ووتی ، ووتم : ئەی دوای ئەو خێرە شەڕ و خراپە دەبێتەوە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، کۆمەڵێ بانگەواز دەکەن لەسەر دەرگاکانی جەهەنەم و ئەوەی بەدەنگیانەوە بچێت فڕێی دەدەنە ناویەوە، حوذەیفە فەرمووی ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ، بۆمان وەسف بکە کێن . فەرمووی : ئەوانە لەڕەگەز و میلەتی خۆمانن و بەزوبانی ئێمەش قسە دەکەن ، لە ڕیوایەتی مسلمدا : (( پیاوانی وایان تێدایە دڵیان دڵی شەیتانەکانەو لەلاشەی ئینساندایە)) حافظ دەفەرموێت ئەوە خەواریجەکان و غەیری ئەوانیش دەگرێتەوە ، حوذەیفە فەرمووی : ووتم فرمانم بەچی پێ دەکەیت ئەگەر تووشی ئەوانە بووم ؟ واتە گەیشتمە ئەو سەردەمە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : خۆت پەیوەست و دەست بگرە بە کۆمەڵی موسوڵمانان و ئیمامەکەیانەوە لە ڕیوایەتی ئیمام ئەحمەدا فەرمووی : (( گوێ ڕایەڵی پێشەوای موسوڵمانان بە ئەگەر لە پشتیشیان دایت و ماڵەکەشیان بردی )) حوزەیفە فەرمووی ، ووتم : ئەی ئەگەر نەکۆمەڵ و نەپێشەواش هەبوو ؟، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : خۆت بەدوور بگرە لەو بەش بەشی‌یەی دروست دەبێت هەر هەمووی ، ئەگەر قەپیشت گرتووە بە ڕەگی درەختێکدا هەتا دەمریت بەو حاڵەوە واتە ئەوە باشترە لەوەی لەگەڵ ئەو تەفرەقەیەدا بیت ، یان لەگەڵ یەکێکیان بیت .

کۆتایی فەرموودەکە وەڵامی ئەو ناونیشانە بوو کە ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت بە لێهاتووی خۆیەوە لە سەرەتای بابەکەدا دایڕشتوە کە فەرمووی : **چی بکرێت ئەگەر موسڵمانان کۆمەڵێك نەبوون** . گومانی تێدا نییە کە ئەم وت و وێژەی لە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و حوزەیفەدا ڕووی دا لەبارەی کۆبوونەوە و جیابوونەوەیە لەسەر مەنهەج و سیاسەتە ، وە پرسیاری کۆتایی بە تەواوەتی لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەبێ کەم و زیاد یەك دەگرێتەوە، گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ هەمان وەڵام بەسەریدا دەبڕێت بۆیە بەیضاوی دەفەرموێت: واتە ئەگەر لەسەر زەویدا خەلیفە نەبوو ئەوە خۆت بە دوور بگرە و ئارام بگرە لەسەر فیتنە و ناڕەحەتی‌یەکانی ڕۆژگار[٤] .

ئیمامی تەبەری (طبري) دەفەرموێت: لەم فەرموودەیەدا ئەوەی لێ تێدەگەین،

(٤) انظر : فتح الباري (١٣/٤٦) .

ئەگەر خەڵكی پێشەوایەكیان نەبوو ، بەش بەش بوون بۆ چەند حیزبێك ، ئەوا شوێن هیچیان نابێ بكەویت و هەتا دەتوانیت لە هەموویانەوە خۆت بەدوور بگرە نەوەكا بكەویتە خراپەیانەوە(٥) .

ئیمام عینی دەفەرموێت : ( ئەوە باشترە لەوەی بچیتە ناو كۆمەڵێكەوە و ئیمامیشی نەبێت لە ترسی ئەوەی توشی خراپە ببیت بە هۆی جیاوازی هەواو ئارەزوو ڕەئی هەر یەكەیانەوە(٦) .

جا لێرەدا پێویستمان بەچەند ڕونكردنەوەیەك هەیە :-

١. پێناسەی ((فِرَق)) لە شەرعدا .
٢. جۆرەكانی ((فِرَق)) و گۆڕانیان بەپێی ڕۆژگار و بەردەوام بوونیان .
٣. جیاوازی لەگەڵ ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا .
٤. پێناسەی ((الجماعة)) لە قورئان و سوننەت و ووتەی زانایان .
٥. ئایا ئەهلی سونەت تاكە ڕێگایەكە یان چەند ڕێگایەك – هەر لەو ڕوانگەیەوە تعدد دروستە یان نا؟
٦. ئەمرۆ ئەهلی سونەت و جەماعەت هەیە كە خەلیفەی موسوڵمانان نی‌یە ؟.
٧. كێن كۆمەڵی حەق ئەمرۆ ؟.
٨. ئایا هەر كەسێك خۆی بەو كۆمەڵە لە قەڵەم بدات ئەوە دەگەیەنێت كە لەكۆمەڵی ڕزگار بووە ؟.
٩. ئایا هەر كەسێك لەگەڵ ئەو گروپانەدا بێت–فرقة– مانای وایە هەمان یاسای–حكم–ئەوانی بۆ دەكرێت ؟.
١٠. جیاوازی لە نێوان حیزبایەتی ودینداریێتیدا ؟

جا بەپشتیوانی خوای گەورە باس لەم خاڵانە دەكەین هەتاكو توشی خراپە نەبین وەك حوذەیفە (ﷺ) پرسیاری كرد لە پێغەمبەر (ﷺ) .

## یەكەم:((فِرَق)) بە مانای جیابوونەوە لە ڕێگای ڕاست بە عەقیدە

خوای گەورە دەفەرموێت:
[ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً ](٧) ، وە لە قیرائەتێكیتردا [ فَارَقُوا دِينَهُمْ ] .

واتە: ئەوانەی دینەكەیان بەش بەش كردووە، بوون بە چەند كۆمەڵێك و حیزبێكەوە، بە ئارەزوە و بۆچوونی خۆیان.

[ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ](٨) . تۆ لەوانە بەریت و بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیت پێیانەوە نی‌یە .

(٥) انظر : فتح الباري (١٣/٤٦) .
(٦) انظر : عمدة القاريء (٢٤/١٩٤) .
(٧) (سورة الانعام:١٥٩) .
(٨) (سورة الانعام:١٥٩) .

ئیبن و کەثیر دەفەرموێت : ئایەتەکە گشتیيە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە سەرپێچی لە شەرعەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن – واتە موسوڵمان و کافریش – ئەبو هورەیرە دەفەرموێت : (( ئەوانە ئەهلی بیدعە و هەواو ئارەزوون لەم ئومەتەدا )) وەئایەت و فەرموودە زۆرە لەم بارەیەوە .

## دوهەم : جۆرەکانی ((فِرَق)) و گۆڕانیان بەپێی ڕۆژگار و بەردەوام بوونیان .

لەم خاڵەدا زیاتر دەچینە ناو باسەکەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (( وستفترق هذه الامة على ثلاث و سبعين فرقة ، كُلُها في النار إلاّ واحدة ))[9]، وە لە ڕیوایەتێکدا – ( وإنه سيخرج من امتي أقوام تجاري بهم الأهواء كما يتجارى الكلب لصاحبه أو بصاحبه لايبقى منه عرق ولا مفصل إلاّ دخله ) . واتە : ئەم ئومەتە – ئومەتی ئیسلام – بەش بەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ بەشەوە هەمووشی لە دۆزەخدا دەبێت تەنها یەکێکیان نەبێت ، ئەمانە لەسەر هەواو ئارەزووی خۆیان دەڕۆن و هیچ دەمارێکی لاشەیان نیيە ئەو بیدعەتەی تێ نەچێت .

شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت : هەچ کەسێك بڵێت ئەو حەفتاو دوو فیرقەيە لە کافرەکانە و موسوڵمانان ناگرێتەوە ، ئەوە قسەکەی پێچەوانەی قورئان و سونەت و ئیجماعی صەحابەيە، بەڵکو پێچەوانەی ئیجماعی هەر چوار ئیمامەکەو غەیری ئەوانیشە[10] ، وەسەر هەڵدانی ئەم کۆمەڵە گومڕایە – واتە ئەو حەفتاو دوو بەشە – لە دوای خەلافەتی عومەری کوڕی خەتابەوە بوو (ﷺ)، بەڵکو سەرەتای خەلافەتی عوثمانیش (ﷺ) موسڵمانان یەك مەنهەج و لە ئەسڵ و فەرعی دینیشدا یەك بوون[11]، ئەمەش مانای ئەوەیە کەکەس نەبوو دەقەکانی قورئان و سونەت بە عەقڵ و ئارەزوو بەرپەرچ بداتەوە . بەردەوام بوونی ئەمانەش هەتا دەرچوونی دەجال هەر دەمێنێت بەڵام زیاد و کەمیان پەیوەستە بە زیاد و کەمی مەنهەجی حەقەوە . پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (( هەچ کاتێ کۆمەڵێکیان دەرکەوت و دەرچوو پێویستە بنەبڕ بکرێت . ئیبن و عومەر (ﷺ) فەرمووی : گوێم لێبوو پێغەمبەر

---

(٩) اخرجه : أبو داوود (٤٥٩٦-٤٥٩٧) ، والترمذي (٢٦٤٠) ، وابن ماجة (٣٩٩١) ، واحمد (١٣٢/٢-١٠٢/٤) ، وابن ابي عاصم (١-٦٥-٦٦) و غيرهم : الصحيحة (٢٠٣-٢٠٤-١٣٤٨) .

(١٠) انظر : مجموع الفتاوى (٢١٧/٧-٢١٨) .

(١١) انظر : الفق بين الفرق (ص/١٤) للبغدادي .

(ﷺ) فـەرمووی : بـەردەوام سـەر هـەڵ دەدەنەوە ، زیاد لە بیست جار ، هەتاکو دەجال لەلای ئەوانەوە دێت [١٢]، زانایـان دەفـەرموون دوای ئـەوەی بـەبێ گومـان ئـەم فەرموودەیـە ڕاسـتەو پێویسـتە بـەردەوام بـۆ خـەڵکی بـاس بکرێـت و ئاگـادار بکرێنـەوە، تـا بـەر یـەکێ لـەو حـەفتاو دوو بەشـە نەکـەون و بەقسـەی هەندێ نەزان تێ نەکەون کـە گوایـە ئـەو بەشەی فەرموودەکە : (( كلها في النار الاّ واحـــــدة)) ڕاسـت نىیـە *(لێـرەدا بگەڕێرەوە بۆ سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارەی (٢٠٤) بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەو شـوبهەیە ) :– مەبەسـت لـەو تاکـە فیرقەیەی سەرفرازان ئەوە نىیە کە هـیچ جیاوازییەك نابێت لـە نێوانیانـدا چـونکە لە نێوان هاوەڵانی پێغەمبـەر یشـدا (ﷺ) خیلاف هەبووە بەڵام جیاوازی ئەوان زۆر زۆر دوورە لـە جیـاوازی کۆمەڵـەکانی ترەوە لە زۆر ڕووەوە :

١) هـەموو هـاوەڵانی شـوێن بەڵگـە کەووتوون وسەربەخۆ ئیشیان نەکردووە.

٢) کاتێ بۆیان دەربکەوتایـە پێچـەوانەی بەڵگەیەکی ڕاست لە قورئان و فەرموودە جوڵاونەتـەوە دەسـت بـەجێ پـاش گـەز دەبوونەوە .

٣) هـەموویان پێکـەوە لەسـەر یـەك مەنهەج بـوون و دانـەبڕاون لـە یـەکتری و دڵیان لەگەڵ یەکدا بـووە وەیـەك ڕیزیـان پاراستووە .وە گـەلێك خـاڵی تـریش کـە دواتر ڕوونی دەکەینەوە .

ئینجـا ئـەم کۆمەڵانـە زۆر جـۆرن ، هەیانـە مـەذهەبىیـەو تـەنها یـەك ئیمـام بەڕاست دادەنێت و بەلاشـىیەوە تاوانـە لابـدات لـە ووتـەی ئیمامەکـەی، بـەڵکو ئەگـەر بۆشـی دەربکـەوێت ووتـەی ئیمامەکـەی بـە ئاشـکرا پێچـەوانەی بەڵگەیـەکی ڕاسـتە لـە قورئـان یـان لـە فەرموودەی صەحیح هەر سوورە لەسـەر شـوێن کـەوتنی مـەذهەبەکـەی خـۆی، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو ئیمامـە وای نەفەرمووە بەڵکو بە پێچەوانەوە . دیارە ئەم جۆرە کەسانە بەم هەڵوێستە خۆیان و دینی خۆیان ناشرین دەکەن و نـاکۆکی و ڕقەبەرایەتی دروست دەبێـت و لێـرەدا ئەم جۆرەکەسانە بیانەوێ یان نەیانـەوێ ئـەو ئیمامـەیان وەك پێغەمبـەر (ﷺ) داناوە ئەگەرچی واش نەڵێن بە زوبانیان، ئیمام ئەحمەد دەفەرموێت : خۆتان هەڵ مەواسـن بـە ئیمـام مالـك و شـافعی و ئـەوزاعی و ثـەوری یـەوە بـەڵکو بـزانن ئەوان لە کێوە وەریان گرتووە ، ئەمەش

---

(١٢) اخرجه : ابن ماجة (١٧٤) باسناد حسن ، والصحيحة (٢٤٥٥) .

ووتـــــەی هـــــەموو زانایانــــــە .
کۆمەڵێکی تر بە پێچەوانەی ئەمانـەوە ، گوێ بە مەذهـەب نـادەن و دەڵـێن ئـەوە گـرنگ نیـیـە ، چـۆن عیبـادەت ئـەنجام دەدەیـت و لەسـەر چ فتوایـەك دەڕۆیـت کێشـە نیـیـە ، ئـەوەی گرنگـە لایـەنی سیاسەتە ئەمانەئەمیرێك یان بە بۆچوونی خۆیـــان سیاســـەت مـــەدار و خـــاوەن عـــەقڵێکی فراوانیـــان بـــۆ خۆیـــان هەڵبـژاردووە دۆسـتایەتی لەسـەر ئـەوە دەکـەن و هـەچ کەسـێك لەگـەڵ ئـەوانا نـەبێت ، بـەلای ئەوانـەوە نـە دەعـوەی پێ‌دەکرێت و بـەڵکو بـە کەسـێکی دوورە پـەرێز و وون بـووی لەقەڵـەم دەدەن جـا ئەم گەورەیەی ئەمانە ئەوەی ئصولی دین بێـت نایزانێـت و هـــەموو هـــەولێکیان بریتی‌یە لە جێ کردنەوەی خۆیان ، دیـن لای ئـەوان ئـەمڕۆ زۆر جیـاوازە لەگــەڵ سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەدا ، بـە ئاشـکرا دەقـەکان بێشـێل دەکـەن و خۆیان تەفسیری بۆ دەکەن ، خۆیان زۆر بــە زیــرەك تــر دەزانــن لــە صــەحابەو پێشەواکان ، بەڵکو لە هەمووی سەیر تـر دەڵێن : ئەگەر ئەوان ( واتە : صەحابە و ئیمامــەکان ) لــەم ســەردەمەدا بوونایــە وەك ئێمــەیان دەکـرد ! بـەڵکو هەیانـە دەڵێت ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لەم ڕۆژەدا بوایە هەمان بۆچوونی ئێمەی دەبوو پەنا بە خوای گەورە ، ئەمانـە بـەو زانایانـەی کە شەو و ڕۆژ و ژیانان لەگـەڵ قورئـان و سونەتدا بردۆتە سەر دەڵێن : هیچ نازانن لە واقیع و هەر خەریکی کتێبن و ئاگایـان لـە چـوار دەوری خۆیـان نیـیـە ! ئەمـە قسەی ئێستا نییە بەڵکو لەکۆنـەوە ئـەو تانانـەیان خسـتۆتە پـاڵ زانایـان ، ئـەم کۆمەڵانــە لەهـــەر ســـەردەمێکدا چـــەند ناوێکیـــان هەیـــە هـــەر جـــارە لـــە ژێـــر پەردەیەکـدا ئـیش دەکـەن ئەوەشـی شارەزا نەبێت بە حەقیقەتی ئیسلام هەڵ دەخەڵەتێت پێیان و باس کردنیشیان بە تـاوان دەزانێـت ، بـەڵام بەپێچـەوانەوە دەبێـت ئێمـە لەسـەر ڕێگـای زاناکانمـان بڕۆین کە ئاگادار کردنەوەی موسـوڵمانان لەم توولە ڕێگا و ڕێچکانە یان بـە جیهـاد داناوە[١٣] .

## سێیەم: جیاوازی لەگەڵ ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا .

جیـاوازی لـەنێوان ئـەم کۆمەڵانـە بـە گشتی و ڕێگای ڕاستدا، بەکورتی لەچەند خاڵێکدا ڕوون دەکەینەوە .

أ ) دۆســـتایەتی و ڕقەبەرایـــەتی لای کۆمەڵــە داهێنراوەکــان لەســەر : یــان کەسـێکە جگـە لـە پێغەمبـەر (ﷺ) یـان لەسەر بۆ چونەکانی خۆیانـە ، بـەڵام لای

(١٣) انظر : مجلد (٣-٤) مجموع الفتاوى .

کۆمەڵی ڕزگاربوو، لەسەر ئیسلامە و قسەی کەس پێش قسەی پێغەمبەر (ﷺ) ناخەن ، بە ئەندازەی پەیوەست بوون بە واجبات و سونەتەکانەوە خۆشەویستی زیاتر دەبێت و بەکەم تەرخەمی خۆشەویستی یەکەمان بۆ ئەو کەسە کەم دەکاتەوە .

ب) تێگەیشتن لە قورئان و فەرموودە لای کۆمەڵە لادەرەکان، بە تێگەیشتنی خۆیانەوە و ئەگەر ووتەی زانایەکیش بهێننەوە ئەوە لەبەر ئەوەیە لەگەڵ بۆ چوونەکانی خۆیاندا دەگونجێت و هەشیانە بەئارەزووی خۆی گۆڕانکاری لە تەفسیرە کەیدا دەکات بۆ ئایەت یان فەرموودە ، یان بەئارەزووی خۆی فەرموودەکە لاواز دەکات و دەڵێ ڕاست نییە، بەبێ ئەوەی هیچ بزانێت لە زانیاری فەرموودە، بەڵام موسوڵمانی ڕاست و کۆمەڵی حەق ئەوانەن کە قورئان و فەرموودە هەمووی وەردەگرن و فەرموودەکان ناکەن بەگژ قورئاندا (وەك القرئانیون) وە بەناوی فەرموودەی ئاحاد و بەئارەزووی خۆیان فەرموودەکان لاواز ناکەن – بەڵکو بەپێی بناغەی فەرموودەناسی و لەسەر زانستی زانایان دەڕۆن– و بەبۆچوونی خۆیان یان بە هەڵبژاردە لەووتەی زانایان بۆ بۆچوونی خۆیان تەفسیر ناکەن بۆ قورئان و فەرموودە،بەڵکو لەسەر بناغەی زانستە شەرعییەکان ولەسەر بۆچوونی سەلەفی صالح دەڕۆن، ئەوان چۆن تێگەیشتبن لەو ئایەتە یان ئەو فەرموودەیە ئەمانیش بەهەمان تێگەیشتنەوە ڕازین بەو مەنهەجە و شیعاریان بریتییە لە(الكتاب والسنة الصحيحة بفهم السلف الصالح ) .

ج) پیشەی ئەو کۆمەڵانە ئەوەیە کە هەمیشە قسە دەڵێن بە هەڵگرانی سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) و ناشرین کردنیان بە جۆرەها شتی درۆ ، بەڵام شوێن کەوتوانی سونەت زۆر بەڕێزەوە سەیری زانایانی ئەم ئومەتە دەکەن و ڕەحمەتیان بۆ دەنێرن و هیچ جیاوازییەك ناخەنە نێوان زانایەك بۆ زانایەکیتر و هەموویان وەك یەك تەماشا دەکەن و دەمارگیریان بۆ یەکێکیان زیاتر نییە لە یەکێکی تریان و باوەڕیشیان وایە کەس بێ هەڵە نییە تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) قەناعەتیشیان وایە ئەگەر ئەو زانایانە نەبن کە بەردەوام لەگەڵ قورئان و فەرموودەدان کەس ڕاستەو خۆ ناتوانێت لە قورئان و فەرموودە تێبگات (( العلماء ورثة الانبياء ))[١٤] ، ئەحمەدی کوڕی

(١٤) اخرجه : احمد (١٩٦/٥) ، وابو داوود (٣٤١/٢) ، والترمذي (٢٦٨٢) باسناد صحيح .

سـنان دەفـەرموێت : لـە دنیـادا هـیچ بیدعەچـیەك نیـە ڕقـی لـە هـەڵگری سونەت نـەبێت [١٥] ، ئـەبو حـاتمی ڕازی دەفەرموێت: (( نیشانەی ئەم موبتەدعانە ئەوەیـە کـە قسـە دەڵـێن بـە شـوێن کەوتوانی فەرموودە، نیشانەی زەنادقـە ئەوەیە بە ئەهلی سونەت دەڵێن خۆیـان بە لێوار و توێکڵی دینەوە خەریك کردووە بـەم قسـانە دەیانـەوێت فـەرموودەکان بەتاڵ بکەنەوە [١٦] .

د) جیاوازیـیـەکی تـر ئەوەیـە ئەمانـە بەردەوام لەبەش بەش بووندان : شێخی ئیسلام دەفەرموێت : کۆمـەڵی ڕزگـاربوو یـەکن و کۆن ، بـەڵام ئـەوانی تـر لادەرو بـەش بـەش بـوون و شـوێن شـتە داهێنراوەکـان و ئارەزووەکـانی خۆیـان دەکـەون ... ونیشـانەیان ئەوەیـە بەردەوام خۆیـان لـە کیتـاب و سـونەت و ئیجماع جیادەکەنەوە [١٧] .

**هـ)** نـاو لـەخۆیان دەنـێن بەبەشـێك لەئیسلام و ناویش لە ڕاست گۆیـانی دیـن دەنـێن بـەناوی ناشـرین و دوور لـە ڕاسـتیـیەوە ، بـەڵام ((الفرقـة الناجیـة)) ناوەکـەیان جیانیـیـە لـە ئیسـلام ، یـان بەشـێکی ئیسـلام بێـت بـەڵکو هـەموو ئیسلام لەخۆ دەگرێت ، لەو ناوانەشی کە هـەمووی ڕاسـتن : (( أهـل السـنة والجماعـة– الفرقـة الناجیـة – الطائفـة المنصـورة– السـلف – أهـل الحـدیث– أهـل الاثـر ))[١٨] ، وەزانایـان لـە زۆر زووەوە ڕوونیان کردۆتەوە جیاوازی ناوی ئەهلی سونەت لەگەڵ ناوە داهێنراوەکانی کۆمەڵەکانی تر ، لەوانە (إبن القیم)[١٩] و شـێخ بـەکر ئـەبو زەیـد بـە شـەش خـاڵ ڕوونـی کردۆتـەوە ، شـێخ ئیسـماعیل الصـابونی دەفـەرموێت : ((نیشـانەی ئەمانـە ئەوەیـە کەبـە ئاشـکرا پێوەیـان دیـارە زۆر ڕقیـان هەیـە لـە هـەڵگرانی فەرموودە و بەکەم یان دەزانـن و پێیـان دەڵـێن (( حَشَـوِیَة ، جَهَلَـة ، ظاهریـة ، مُشَبِّهة ))[٢٠] ، ئەمە چەند جیاوازییەکـە کە زانایان باسیان لێ کردووە .

**چوارهەم: پێناسەی (( الجماعة )) لە قورئان و سوننەت و ووتەی زانایان .**

ئیمـامی بەربـەهاری دەفـەرموێت : (( بـەکار هێنـانی جەماعـەت بـۆ هـاوەڵانی

(١٥) اخرجه : إسماعیل الصابوني في (عقیدة السلف وأصحاب الحدیث) (ص/١٣٢) .

(١٦) اخرجه : اللالکائي في (شرح أصول الأعتقاد أهل السنة) (١٧٩/١) .

(١٧) انظر : مجموع الفتاوی (٣/٣٤٥-٣٤٦) .

(١٨) انظر : (حکم الانتماء) لبکر بن عبد الله أبو زید (ص/٢٨-٤٠) .

(١٩) انظر : (المدارج السالکین) (١٧٤/٣) .

(٢٠) انظر : (عقیدة السلف واصحاب الحدیث) .

پێغەمبەر (ﷺ) و (ﷺ) هاتووە[٢١] ، عەبدول ڕەحمان ی کوڕی ئیسماعیل ((ابو شامة)) دەفەرموێت : (( هەچ کاتێك باس لە جەماعەت کرابێت و فەرمان بەوە کرابێت لەگەڵیدابیت ، ئەوە مەبەستە بە شوێن کەوتنی حەق و شوێن کەوتوانی‌یەتی ئەگەر چی دەست گرتوان بەحەقەوە کەمیش بن. ئیبن و مەسعود دەفەرموێت : ( الجماعة ما وافق الحق ولو كنت وحدك ) ، و غەیری ئەوانیش زۆر بن ، چونکە حەق ئەوەیە کە کۆمەڵی یەکەم لە پێغەمبەر و هاوەڵانی لەسەری بوون و ئاوڕ بەلای زۆر و بەتاڵدا نادرێتەوە لەدوای ئەوان[٢٢] . شێخ ئیبن وعوثەیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت : ووشەی ((الجماعة)) بەمانای کۆبوونەوە دێت و ئیسمی ومصدەر و دابڕاوە بەسەر کۆمەڵێك کە کۆببنەوە بە مانای (( أهل السنة والاجتماع )) واتە : دەستیان گرتووە بە سونەتەوە کۆشن لەسەر سونەت[٢٣] . ئیمامی شاطبی دەفەرموێت: (( کۆی ڕای زانایان ئەوەیە کە ((الجماعة)) دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوە لەسەر پێشەوایەك پابەندبێت بە قورئان و فەرموودەوە، ئەمەش ئاشکرایە کە کۆبوونەوە لەسەر غەیری سونەت دەردەچێت لە مانای ((الجماعة)) کە لەفەرموودەکاندا هاتووە وەك خەوارج و ئەوانەش بەدوای ئەماندا هاتن[٢٤] . شێخ عەلي حەسەن دەفەرموێت: ئایا ئەو جەماعەیەی کە هاتووە و موسڵمان تاوان بار دەبێت لەگەڵی دا نەبێت چیە ؟ ئایا ئەم (تەنظیماتانەی) ڕێکخراوانەی ئێستا کە دابەش کراوە بەسەر زەویدا ! یان ((جماعة المسلمين))ئەوەیە کەخەلیفەیەکی موسڵمان هەبێت و موسڵمانان بەیعەتی پێ بدەن * (ئیمام ئەحمەد دەفەرموێت: دەزانی ئیمام کێیە؟، ئەوەیە کە هەموو موسوڵمانان کۆببنەوە لەسەری و هەموو بڵێن: ئەوە ئیمامە، مانای فەرموودەی (( من مات وليس له امام ، مات ميتة جاهلية))[٢٥] ، دیارە ئەمەیانە[٢٦] .

**پێنجەم: ئایا ئەهلی سونەت تاکە ڕێگایەکە یان چەند ڕێگایەك؟.**

دەقی فەموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) وەلامیەتی کە دەفەرموێت : ((إلاّ واحدة))، واتە : تەنها یەکێکیان لەو

(٢١) انظر : (شرح السنة) (ص/٢١) .
(٢٢) انظر : (الباعث على انكار البدع والحوادث) (ص/٣٤)
(٢٣) انظر : (العقيدة الواسطية) (١/٥٢) .
(٢٤) انظر : (الاعتصام) (٢/٢٦٠-٢٦٥) .
(٢٥) انظر : (مسائل ابن هاني) (٢٠١١) .
(٢٦) انظر : (الدعوة الى الله) (ص/٩٢) .

حەفتاو سێ کۆمەڵە نەك دوان یان زیاتر، قورئـــان هـــەر هـــەمووی و فـــەرموودە راســتەکانیش فرمــان بــە یــەك ڕیــزی و کۆبونــەوە دەکــەن لەســەر حــەق و دژی جیاجیــایی و دژواریێتــی دەوەســتنەوە، کەواتە چۆن ڕاستە بوترێت بـەش بەشـی موسوڵمانان شتێکی سروشتیوئاسایییە؟ ، بەڵێ ئەگـەر موسـوڵمانان یـەکبن بـەدڵ ولاشە، بەڵام هـەر چەندکەسێك تـەرخان بکرێت بۆ لایەنێکی گرنگ لە ئیسلام وەك (( کۆمەڵێك هەستن بە ئەمر بە مـەعروف و نەهی لەمونکەر، کۆمەڵێکی تر بەزانستە شەرعییەکان هەر یەکەیان لە بوارێکدا ، بەمەرجی یـەك ڕیـزی و هـاو مەنهـەجی و هاوبیری و بەئیخلاصەوە، ئەمە دروستە و پـێی ناوترێـت بـەش بـەش بـوون ، وەك شـێخی ئـەلبانی دەفـەرموێت ڕەحمـەتی خوای لێبێت .

## شەشەم: ئەمڕۆ ئەهلی سونەت و جەماعەت هەیە کە خەلیفەی موسوڵمانان نییە ؟.

کۆمەڵی ڕزگار بوو ئەهلی سونەت و جەماعەت بەردەوام دەمێنێت و لە کاتی بوونی پێشەوای موسوڵمانان و نەبوونیشیدا، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیکی متەواتەردا دەفەرموێت : (( لاتزال طائفة من أمتي على الحق ظاهرين وفي رواية : على الحق منصورة ، لايضرهم من خالفهم ولا من خذلهم،حتى تقوم الساعة)).

واتە:بەردەوام کۆمەڵێ لەئومەتی من لەسەر حەق دەمێننەوە و ئاشکران و ئەوەی سەرپێچیان بکات یان بیەوێت سەر شۆڕیان بکات، هیچ زەرەریان پێ ناگەیەنێت ، هەتا ڕۆژی قیامەت .بەمانای هەتا ئەو ڕۆژەی خوای گەورە ڕۆحی هەموویان دەکێشێت پێش مانەوەی خەڵکی بە کافری و نەمانی ناوی خوا لەسەر زەویدا، چونکە لە فەرموودەی موسلیمدا هاتووە: قیامەت نایەت هەتاکو ناوی خوای گەورە لەسەر زەویدا نامێنێت و قورئان هەڵدەگیرێتەوە

## حەوتەم: کێن کۆمەڵی حەق ئەمڕۆ ؟.

ئەهلی سوننەو جەماعەت بەپێی ئەوەی باسمـانکـرد ئەوانـەن کەهێشـتا لەسـەر مەنهـەجی پێغەمبـەر (ﷺ) و هـاوەڵانی ماونەتـەوە (( ماأنا عليه واصـحابي )) و ڕۆژگارنایانگۆڕێت و بەم لاولادا نایانخات وتوشی هەڵخزان ولادان نابن و شوێن زانا بەڕێزەکان کەوتون کە هەڵگری فەرموودە ڕاســتەکانن .شـێخ عبـدالرحمن ســەعدی دەفەرموێت : ئەهلی سـونەتی تـەواوەتی ئەوانـەن کـە هـیچ بدعـەتیان تێدانییـە و

دەستیان گرتووە بەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی لەسەری بوون لەهەموو بنەماکانیدا ، بنەمای توحید و پەیام و قەدەر و هەموو مەسئەلەکانی ئیمان و غەیری ئەمانەش ، وجگە لەمانە ، هەر لە خەوارج و معتزلە وجهمیەکان و قەدەریەکان و رافضة و مورجیئەکان و ئەوانەشی لەمانە بوونەتەوە هەموویان ئەهلی بدعەتی بیرو باوەڕن[٢٧] .

مالیکی کوڕی موفوەل دەفەرموێت : ئەگەر کەسێك بەناوێکی تر جگە لە ئیسلام و سونەت خۆی ناونا، ئەوە چ دینێکت ئارەزوو لێیە بیدەرە پاڵی و باسەر بەو دینە بێت[٢٨] .

ئیبن و عەباسیش (ﷺ) دەفەرموێت : معاویە پێی ووتم ئایا تۆ لەسەر میلەتی عەلیت؟ ووتم : نەخێر ، وەلەسەر میلەتی عوثمانیش نیم ، من لەسەر میلەتی پێغەمبەری خوام (ﷺ)[٢٩] .

وشێخی ئیسلام دەفەرموێت : دروست نیە بوترێت تۆ ئەوەی یان ئەوە ... بەڵکو ئەبێ بووترێت من موسوڵمانێکم شوێن قورئان و سونەت کەوتووم وخوای گەورەش بەناوی ئیمانداروبەندەی خواوە ناوی لێناوین و نایگۆڕینەوە بەچەند ناوێك کە خەڵکی دای هێنابێت[٣٠] .

شێخ بەکر ئیبن ئەبو زەید دەفەرموێت : ئەوانەی بەتەواوی ماونەتەوە لەسەر ڕێگای پێغەمبەرایەتی پێیان دەوترێت (( السلف والسلفیون )) نسبەتە بۆلای پێشینەکان کە لەسەر ڕێگای ڕاست بوون[٣١] .

## هەشتەم: ئایا هەر کەسێك خۆی بەو کۆمەڵە لە قەڵەم بدات ئەوە دەگەیەنێت کە لەکۆمەڵی ڕزگار بووە ؟.

مەرج نیە ئەوەی بەخۆی بڵێت من لەسەر کیتاب و سونەتم و شوێن سەلەفی صالح کەوتوم، لای خوای گەورە لە کۆمەڵانی ڕزگاربوان بێت ، بەڵکو دەبێت ئەوەی خۆی بەو کۆمەڵە بزانێت جگە لەو شتانەی پێشوو کەباسمان کرد ، واتە لایەنی عەقیدەی پاك بێت و دووربێت لە هەموو بیدعەیەکەوە، چ بدعەکە عەقیدە بێت یان عیبادەت یان سیاسەت و شوێن زانایانی سونەتی پێغەمبەر (ﷺ) کەوتبێت ، دەبێت لایەنی ئیخلاص زۆر ئاگالێبێت و خۆی پاك کردبێتەوە یان هەمیشە لە هەوڵ دانابێت بۆ خۆپاك کردنەوە لە نەخۆشیە دەروونیەکان وەك (ریاو عوجب و کبر و حسد و غل و

(٢٧) انظر : (الفتاوی السعدیة) (ص/٦٣-٦٤) .

(٢٨) انظر : (الابانة الصغری) (ص/١٣٧) .

(٢٩) انظر : (الابانة الکبری) لابن بطة (٣٥٥/١) .

(٣٠) انظر : (مجموع الفتاوی) (٤١٥/٣) .

(٣١) انظر : حکم الانتماء (ص/٣٦) .

...هتد) هەروەها عیبادەتەکانیشی بە خشوع و ئاگاوە بێت ، هەروەها دەبێت لایەنی سلوك و ڕەوشتی جوان بێت و بەپێی قورئان و سونەت ئەخلاقی برازێنێتەوە ، چونکە قورئانی پیرۆز کاتێك باسی ئیمانداری ڕاست دەکات و ڕزگار بوونی بەستۆتەوە بە کۆمەڵێ مەرجەوە ، بڕوانە سەرەتای سورەتی (المؤمنون) وە کۆتایی سورەتی (الفرقان) وە سورەتی (المعارج) و ... هەروەها فەرمودەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) لە بارەی (زهد و رقائق و .... ). کەواتە قسە بەتەنها دەور نابینێت و دەبێت دڵ و کرداریشی لەگەڵدا بێت ، هەر بۆیە دەبێت وەك چۆن شارەزا دەبێن لەعەقیدە، خۆشمان شارەزا بکەین لە سیرەی سەلەفی صالح و بزانین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خاوو خێزان و منداڵ و دایك و باوك و خزمان و دراوسێ و موسوڵمانان .. چۆن بووە . بەڵێ لایەنی عەقیدە لەهەمووی گرنگترە و هەرچی هەبێت بەبێ عەقیدە سوودی نییە هەروەها ، ئەوەش بزانین ئەگەر کەسێك لە ئەهلی توحید بوو ئەوەلەژێر مەشیئەتی خوای گەورەدا دەبێت ، ئەگەر خوای گەورە سزاشی بدات هەر ڕزگاری دەبێت ، کەواتە زۆر جار موسوڵمانان ئاگای لە تاوان (معصیة) نامێنێت و شەیتان فێڵی ئەوەی لێ دەکات کەتۆ عەقیدەکەت تەواوە هەرچی بکەیت ڕزگارت دەبێت و گوناهی بەلاوە ئاسان دەبێت خوای گەورە پەنامان بدات .

## نۆیەم:ئایا هەر کەسێک لەگەڵ ئەو گروپانەدا بێت- فرقة- مانای وایە هەمان یاسای -حکم- ئەوانی بۆ دەکرێت ؟.

زانای بەڕیز و شارەزا بەدین شێخ صالح مَقْبلَي ڕەحمەتی خوای لێبێت بۆ وەلامی ئەم پرسیارە دەفەرموێت لە کتێبی (العلم الشامخ في ایثار الحق على الآبار والمشایخ) (ص/٤١٤) : خەڵکی دوو کۆمەڵن گشتی و تایبەتی (عامة والخاصة) ، گشتی یەکان ئەوەڵ و ئەخیریان وەك یەك وایە ، وەکو ئافرەتان و بەندە و جوتیار و خەڵکی بازاڕ (السوقة) و وێنەی ئەمانە کە هیچ نازانن لەکاری تایبەتمەندەکان (الخاصة)،ئەمانە بەبێ گومان هەموویان بەرین لە بیدعەت — لای خۆمان پێی دەوترێت عەوام —، بەلام تایبەتمەندەکان (الخاصة) ، چوار بەشن، هەیانە خۆی شتی تازەی لە دیندا داهێناوە و ەبەچاکی پشتی دەگرێت و کردوویەتی بە بناغە وقورئان و سونەت دەگێڕێتەوە بۆئەوبیدعەیە،جا کەسانێکی تر بە شوێن ئەماندا دەڕۆن و بانگەوازی

بـۆ دەكــەن و لەتازەكردنــەوەی ئــەو بیدعانـــەدان ڕۆژ لـــەدوای ڕۆژ ئەمانـــە بیدعەچـی تـەواون و لـە كۆمـەڵی یەكـەم دەژمێرێن ...

كۆمەڵی دووهەم شوێن ئەمانە دەكەون و پشتگیریان لێ دەكەن و ئەندامـەكانیان بۆ زیاد دەكەن بە دەرس وتنەوە و كتێب دانان ، خۆشیان بەڕاست دەزانـن وە زۆر جار ئەمانە سـەر لـەخۆیان دەشـێوێنن و حـەق و بـەتاڵ تێكـەڵ دەكـەن ، ئەمانـە حسابیان لای خوایە، یـان خـوای گـەورە لەگەڵ كۆمەڵی یەكەمدا حەشریان دەكات چـونكە ئـەوانیان خـۆش دەوێـت، یـان عوزریان لێ قبوڵ دەكات ، كەلای خۆیـان هــەوڵی ڕاســت دەدەن ئەگــەر ڕاســت بكەن بەڵام سوێند بەخوا خراپەی ئەمانە زۆر زۆرە چـونكە زۆر خــەڵك شــوێنیان دەكــەوێت و وادەزانــن ئەمانــە بەحـــەق بانگەواز دەكەن، كۆمەڵی سێیەم خاوەنی شارەزایی نین وئامادەباش نین بۆ گفتو گۆ وبەتوانا نین لە مەیدانی بانگەوازدا ، بەڵام قسەكانی خەڵكی لەبەردەكەن ودەیڵێنەوە (وەك تووتی) هەندێ شت دەزانـن بـەڵام زۆر دورن لـە نـاوكرۆكی كتێبەكانــەوە وا دەزانن ئەوەنـدەیان بەسـە و هـەوڵی زۆر نادەن بەڵكو پشتیان بەستووە بـە پـێش خۆیان ، ئەمانە ژمارەیان لەهەموو ئەوانە پێشوو زیاترە بەڵام ڕێزیان زۆر كەمترە ، نەبەشیان لە تایبەتمەنـدەكانی پێشـوو و نەگەشتوشنەتە بێوەی عەوامەكان ، جـا حــوكمی بەشــی یەكــەم لەخاصــەكان ئەوەیە كە بەبێ چـەندو چـون مبتـدعن ، وە دووهــەم لەمانــە ئەوەیــە بــە ڕواڵــەت بیدعــە دەكــەن (ظــاهرة الابتــداع)، وە بەشی سێهەم حوكمی بیدعەی بەسـەردا دەدرێــت (لَــهُ حكـم الابتـداع) ، وە لــە تایبەتمەنـــدەكان بەشــــی چــــوارەمیان ئەوانەن كە زۆرن لە پێشینەكان و كـەمن لەم كۆتاییەوە [ ثُلَّةٌ مِنَ الْأَوَّلِينَ * وَقَلِيلٌ مِنَ الْآخِرِينَ ][٣٢]، ڕویـان كردۆتـە قورئـان و سـونەت، بـە ڕێگایــدا دەڕۆن هــەنگاو بــە هــەنگاو، ڕزگاریـان مەبەسـتە ژیانیـان تـەرخان كردووە بـۆ سـونەت و هـەڵیان بـژاردووە بەسەر نەفسی خۆیاندا و بیلبیلەی چاوی هـەر یـەكیان خوێندنـەوەی قورئانەكـەی خوایە و تێگەیشتنە لە ماناكەی بە مانای ڕاست و هەوڵیان گەڕانە بەشوێن فەرموودە ڕاسـتەكاندا و كـار پـێكردنی ، ئەمانــە خاوەنی سونەتی ڕاستن وكۆمـەڵی ڕزگـار بوون، عامەش لە ژێـر ئەمانـەدان لەگـەڵ ئـەوەی پـەروەردگار بیـەوێت حەشـریان بكات لەگەڵ ئەمانـدا لـە سـێ بەشـەكەی تریش كە باسمان كرد بەپێی زانیـاری و بەئەندازەی بیدعە و نییەتەكەی .

(٣٢) (سورة الواقعة:١٣-١٤) .

جابەم شێوەیە زۆری خەڵکی لەم ئومەتە ئەوانەن کە ڕزگاریان دەبێت چونکە زۆری لە موسوڵمانان لە کۆن و تازەشدا بەر عەوام دەکەون ، ئەوەشی دەمێنێتەوە لە تایبەتیەکانیان لە پێشینەکان، لەوانەشە بەشە ناوەندەکان لە کۆمەڵی دووەم و سێیەم و ئەوانەش کە بیدعەکەیان گەورە نەبێت لە کۆمەڵی یەکەم. ڕەحمەتی پەروەردگار نەجاتیان بدات و نەخرێنە ڕیزی بیدعەچییەکانەوە بەپێی پاداشتی قیامەت ، ئەگەر چی ئەو فیرقانە زۆریشن بەڵام تاکەکانی هەر کۆمەڵە لەو کۆمەڵە گومڕایانە بە هەمووی ئەگەر کۆبکرێتەوە ناگاتە بەشێك لە هەزار بەش لە کۆی موسوڵمانان بەگشتی جا ئەمە باش تێبگە تابیرو باوەڕت دژوار نەوەستێت لە تێگەیشتنی فەرموودەکاندا [٣٣] ، شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت : ئەمە قسەی شێخ مقبلیە ڕەحمەتی خوای لێبێت و قسەیەکی زۆر بەهێزە و بەڵگەیە لەسەر شارەزایی و بەرزی ووردبینی ئەم پیاوە .

## دەیەم: جیاوازی لە نێوان حیزبایەتی ودینداریێتیدا ؟.

ئیسلام کاتێك بەحەرامی داناوە موسوڵمانان پەرتەوازە بن و کۆمەڵ کۆمەڵ و پیلان دژی یەکتری ئەنجام بدەن و حیزبایەتی بە نەخۆشییەکی کوشندە و دورکەوتنەوە لە سەرخستنی خواو حکمی ئیسلام داناوە، فەرمانی بەوە پێ دەکات کەلەسەر حەق کۆببنەوە و دۆستایەتی وخۆشەویستی و برایەتی لە سەر ئیسلام بێت، ئەو ئیسلامەی کە خواو پێغەمبەر(ﷺ) و یارانی و زانایان لەسەری بوون نەك ئەوەی هەریەکە خۆی چۆن لێی تێدەگات .

شێخی ئیسلام دەفەرموێت :

مامۆستایان بۆیان نییە حیزبایەتی بکەن و ڕقەبەرایەتی دروست بکەن ، بەڵکو دەبێت هەموویان وەك برا پێکەوە هاوکاری بکەن بەڵام لەسەر چاکە و تەقوا[٣٤] .

ئەبو عالیە دەفەرموێت : ووریای هەواو ئارەزووبن چونکە دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی دروست دەکات ، دەست بگرن بەوەی یەکەم جار صەحابەکان لەسەری بوون پێش بەش بەش بوونی موسوڵمانان[٣٥] . حەسەنی بەصری فەرمووی بەڕاستی ئەم ئامۆژگارییە ڕاستە ، لە ئیبن و عابدیشیان پرسی : کابرایەك پەیمانی لەسەر دەستی پیاوێکدا وەرگرتبوو دوایی چوو بۆ لای

(٣٣) انظر : (السلسلة الصحيحة) (١/٤١١-٤١٣) .

(٣٤) انظر : (مجموع الفتاوى) (٢٨/١٥) .

(٣٥) اخرجه : ابو نعيم في (الحلية) (٢/٢١٨) .

شێخێکی ترو لەگەڵ ئەمدا پەیمانی بەست ، ئایا کام پەیمانەیان ڕاستەو دەبێت بیباتە سەر؟ فەرمووی: نەپەیمانی یەکەم و نە پەیمانی دووەم ، هیچیان ڕاست نییە(٣٦) ، چونکە (عهد) پەیمان و بەیعەت تەنها بە پێشەوای موسوڵمانان دەدرێت.

لە کۆتایدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە کاتێك هاوەڵی بەڕێز حوذەیفە (ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەگەر نە کۆمەڵ و نە پێشەواش هەبوو؟! پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی دوور بکەوەرەوە لە هەموو ئەو بەش بەشانە، ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵێك لەسەر حەق نامێنێتەوە ، بەبەڵگەی فەرموودەکانی تر کە بەردەوام کۆمەڵێك لەسەر حەق دەمێننەوە .... ، بەلام واتێنەگەین کۆمەڵ مانای بوونی ئەمیر و کۆبوونەوە بە دەوریدا، ئەمە تێگەیشتنێکی داهێنراوە و ئەو کاتە چ جیاوازییەك دەبێت لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا بێگومان ئەگەر بڵێیت ئێمە لەسەر حەقین کۆمەڵەکانی تریش وادەڵێن ، بەڵکو وەك لەخاڵی (٤) دا ڕوونمانکردەوە (الجماعة) واتە (کۆمەڵ) بە دوو مانا هاتووە .

١) بوونی پێشەوایەکی گشتی بۆ موسوڵمانان کە ئەمڕۆ نییە .

٢) مانای دەست گرتن بە ئیسلامێکەوە کە هاوەڵەکان ؓ بوون و کۆبوونەوەیەکی شەرعی لە دەوری زانایان و برایەتی لەسەر ئەو ئیسلامە پاکە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا](٣٧) .

لێرەدا خوای گەورە گوێ ڕایەڵی (أُولِي الْأَمْرِ) ی سەربەخۆ نەهێناوە ، واتە کاتێ بە قسەی (أُولِي الْأَمْرِ) دەکرێت کە سەپێچی خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) ی تێدا نەبێت و ئەگەر کێشەیەك هەبوو تەنها دەیگێڕینەوە بۆ قورئان و سوننەت ئەمەیان چاکتر و ڕاستترە ، (أُولِي الْأَمْرِ) بەمانای (العلماء و الأمراء) واتە زانایان و پێشەوایان، ئەمڕۆ پێشەوایان نییە بەلام زانایان هەیە ، کەواتە بەم شێوەیە دین دارێتی دەکرێت و لەسەر چاو ڕۆشنی بانگەواز دەکرێت و خەڵکی لەدەوری ئیسلام کۆدەکرێتەوە، وە فێری بیرو باوەڕ و خواپەرستی و ڕەوشت دەکرێن ، وە کێ شارەزاتر بێت ئەوە لای خوای گەورە پلەی بەرز ترەو لە دونیاشدا ئەوە

(٣٦) انظر : (تنقيح الفتاوى الحامدية) (٢/٣٣٤) .

(٣٧) (سورة النساء:٥٩) .

مامۆستایەو پلەو پایەی حیزبایەتی هیچ دەورێکی نییە کاتێکیش هیچ شارەزا نەبێت لەئیسلام بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: [يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَات ](٣٨)

وە دەفەرموێت [ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ](٣٩)

واتە ئەوەلای خوایگەورە پلەی بەرز و بەرێزە ئەوەتانە کە باوەڕ و شارەزاتربێت وە تەقوای زۆر تر بێت .

داوا لەخوای گەورە دەکەین موسوڵمانان بگێڕێتەوە بۆ ئەو ئیسلامە ڕاستە و برایەتییەکی ڕاست بخاتە نێوانیانەوە ، موسوڵمانانیش با خۆیان چاك بکەن و بزانن بەش بەش بوونیان لە قازانجیان نابێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

[ إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ ](٤٠)

واتە: خوای گەورە نیعمەتی سەر هیچ قەومێك ناگۆڕێت تاوەکوخۆیان نەبنە هۆی گۆڕینی ئەو نیعمەتە.

( ) (سورة المجادلة:١١)

( ) (سورة الحجرات:١٣)

( ) (سورة الرعد:١١) .


سەرچاوەکان :

١. القران الكريم

٢. تفسير ابن كثير

٣. فتح الباري

٤. شرح العقيدة الواسطية / لابن عثيمين

٥. موقف أهل السنة والجماعة من أهل الاهواء و البدع

٦. الدعوة الى الله بين التجمع الحزبي والتعاون الشرعي / علي حسن الحلبي الاثري

٧. مجموع الفتاوى/ شيخ الاسلام ابن تيمية

٨. هەندێ سەرچاوەی تر کە لە پەراوێزەکاندا هێنراوە .


**سبحانك اللهم و بحمدك**

**اشهد أن لااله الاّ انت**

**أستغفرك وأتوب إليك**